

# به هەستەوەرێکی رووناکی کۆنترۆڵی ئامێرەکان بکەن

رەنگە خوێنەران تا رادەیەك لەگەڵ ئینتەرنێتی کەلوپەل (internet of things) ئاشنا بن، ئینتەرنێت بۆ ئامێرەکان بۆ ئەوەی کە بتوانی لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵیان بکەی، بۆ نموونە ئەگەر بەفرگر، جلشۆر، قاپشۆرەکەت ئینتەرنێتی هەبێت بتوانی لە مەودایەکی یەکجار دوورەوە کۆنترۆڵیان بکەی..

هەستەوەری رووناکی bixi یەکێکە لەو ئامێرانەی کە تایبەتە بە ئینتەرنێتی کەلوپەل بۆ ئەوەی کە لە رێگای دوورەوە بەبێ دەست لێدان ئامێرەکان کۆنترۆڵ بکەی.. ئامێری ناوبراو تاکو ئێستا ٨ جۆرە هێمای دەست دەناسێ بۆ نموونە لە مەودایەکی دوو مەتریەوە دەتوانی دەستت بەشێوەی ئاراستەی میلەکانی کاتژمێر یا پێچەوانەی ئەوەوە بسوڕینی بۆ ئەوەی کە دەنگی ئامێرە دەنگدارەکان کەم یا زیا بکرێت.. گلۆپە هۆشمەندەکان، سپیکەرەکان، کامێرا و تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی دیکە بەو هەستەوەرە کۆنترۆڵ دەکرێن، نەك ئەوانە بەڵکو دەتوانی لاپەڕەی سایتەکان هەڵبدیەوە، فیلمەکانی یوتیوب بکەیەوە..



# دژە خەونوچکە بۆ شۆفێران

ئەوانەی کاری سەرەکیان شۆفێریە و مەودای دورودرێژ دەڕۆن و یان بە شەو و نیوەشەو دەبێ بڕۆن، پێویستە کەسێك لەگەڵیان بێ تا لەوکاتانەی کە خەو بەسەریاندا زاڵ دەبێ و وەنەوز نەدەن بیاندوێنن..

لەو دواییانە کە تەکنەلۆژیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی بیر لەو رێگاچارەیەش کرایەوە، ئامێری تایبەتی بۆ خەونوچکە نەبردنەوەی شۆفێران بەرهەم هاتووە، یەکێك لەو ئامێرانە ئامێری stopsleep هەر راست بە مانای بوەستە لە خەوتن.. ئەو ئامێرە وەك بۆکسێك لە پەنجەکان دەکرێت، وردبینی بەکارهێنەر لەکاتی لێخوڕیندا هەڵدەسەنگێنێ، پێنج خولەك بەرلەوەی شۆفێر خەوی لێبکەوێت، زەنگ لێدەدا.. هەشت هەستەوەری تێدایە کە بە وردی سەرنج دەداتە گۆڕانکاری لە کاتی لێخوڕیندا.. جار جارەش بە رووناکی و دەنگێکی تایبەتی ناهێڵێت شوفێر خەوی لێبکەوێ..

# تەکنەلۆژیا و نابینایان



نابینایان ئەگەرچی لە جیهانی حەقیقیدا لە دیتن و بینایی بێبەشن، بەڵام لە جیهانی تەکنەلۆژیادا کارێك کراوە ئەو لایەنەیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە.. وەك گۆچانی تایبەت بە نابینایان بۆ رێنمایی، رۆبۆتی تایبەت بۆ هاوکاری کردن، ئامێری Horus کە یارمەتی نابینا و کەمبینایان دەدات.

ئامێرەکە پێکهاتووە لە دوو هیدفۆن و دوو کامێرای لەلای چەپ و راست، راست ئەرکی چاو ئەنجام دەدەن. کامێراکان لە هەموو شتێك ورد دەبنەوە، ئەوەی بیبینن لە رێگای هیدفۆنەکەوە بۆ بەکارهێنەرەکە دەگوازنەوە. بۆ نموونە ئاگاداری دەکاتەوە کە سێ مەتر ماوە بگەی بە بەربەستێك، یان جارێ بوەستە، چونکە گلۆپی سورە و ئۆتۆمبیل بە جادەدا دەڕۆن.. خاڵی گرنگی ئامێرەکە لەوەدایە ئەو کەسانەی کە پێشووتر بەکارهێنەرکەی دیتوونی دەیانناسێ، بۆ نموونە ئەگەر هاوڕێیەکی بەکارهێنەرەکە ناوی ئارام بێت، ئامێرەکە ئاگاداری دەکاتەوە ئەوە (ئارام) بەرەو رووت دێت، سەدان روخسار دەناسێتەوە..
هەروەها لە شتە مەترسیدارەکانیش ئاگاداری دەکاتەوە، بۆ نموونە دەڵێت ئەو ئاوە گەرمە یان ساردە، یان ئاوە یا شیرە یا نەوتە..



# لانکی هۆشمەند بۆ ساوا هۆشمەندەکان!

فۆلکلۆری کوردیمان کە بە گرنگییەوە باسی لانك و دەسرازە دەکات لە سایەی تەکنەلۆژیای نوێدا ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێ،.. ئیدی دایك ناڵێت رۆڵە لانکێت بۆ دروست دەکەم لە داری گوێز و خورمایە و وەستاشی لە تەورێز و بەغدایە بۆ ناهێنێ.. لانك و لەیلوك ئەوە نامێنن کە وەستای دارتاش دروستی بکەن، بەڵکو ئەوانیش بەرەو سمارت چوونە..

لانکی هۆشمەندی (snoo) دەکرێ بڵێین سەرووی هۆشمەندییە، لانکەکە چەندین مایك و هەستەوەر ی تێدایە، دەتوانێت گریان و جوڵەی منداڵەکە بناسێ. هەرکە منداڵەکە گریا دەست بە راژاندن بکات، هەروەها زانیاری وردیش وەك سەبارەت بە منداڵەکە و تەندروستی منداڵەکە بۆ مۆبایلەکانیان بەرێ بکات، ئەگەر منداڵەکە تەڕ بوو، نەخۆش بوو، ئاگاداری دایك و باوکی منداڵەکە دەکاتەوە.

# ئامێرێک دەنگ دەگۆڕێ بۆ دەق

زۆر جار لـە گەشـت و گەڕانیـن و ناتوانین بەوجۆرەی پێویستە یادداشـتی رۆژانـە هەڵبگرینەوە، یان کێشـەیەك بۆ پەنجەکانمان هاتۆتە پێش ناتوانین بنووسـین.. هەرچەندە ئاپی وا هەیە لە مۆبایلدا دەنگی بەکارهێنـەر دەکاتـە دەق، یـان لە ڕێگای گوگلیشـەوە دەکرێت، بەڵام کۆمپانیـای senstone خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێرێکی هۆشمەندە کە دەتوانێت بەبێ گرفت پەیامە دەنگییەکانی بەکارهێنەر لەخۆیدا تۆمار بکات و پاشان بیانکاتە دەق و بەپێی ڕێکەوت و بابەت ڕیزبەندیان بکات.

ئامێرەکـە لـە ڕواڵەتـدا وەك ملوانکەیـەك یـان دەسـتبەندێکی جوان دەچێت، هەربۆیـە دەکرێـت بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـوودی لێببینـی. مایکی ئامێرەکـە بەجۆرێـك بەرنامەی بۆ دارێژراوە کە تەنیا دەنگی بەکارهێنەرەکـەی دەناسـێ و دەنگەکانـی دیکـە پشتگوێ دەخات.





# بچووکترین مۆبایلی زیرەکی جیهان

لەم دواییە کۆمپانیایەکی چینی مۆبایلێکی سمارتی بچووکـی بەرهـەم هێنـاوە بەبۆچوونـی کۆمپانیاکـە بچووکتریـن مۆبایلی هۆشـمەندە تاکـو ئێسـتا بەرهـەم هاتبـێ.. مۆبایلـی جـۆری Vphone S8 بچووکتریـن موبایلی لەمسـیە. شاشـەکەی ناگاتە ٢ ئینج و کێشـی تەنیا ٣٠ گرامە..

مۆبایلـی ناوبـراو، بـەڵام تواناکانـی وەك مۆبایلێکی ئاسـایی قەبـارە گەورەیـە، بـۆ نموونـە رامەکـەی ٦٤ میگابایتـە، میمـۆری ناوخـۆی ١٢٨ میگابایتـە و دەکرێـت بەهـۆی دانانـی میمـۆری دیکـەوە بیکەی بە ٨ گێگابایتیش. رادیـۆی هەیـە، هەسـتەوەری لێدانـی دڵ و هەنـگاو ژمـاردن و هەندێـك تایبەتمەنـدی کە بۆ تەندروستی وەرزش بکەڵکن لەو مۆبایلەدا هەیە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**چەند خوێنەرێك لە ماوەیەدا ئەوانەی کە ئینتەرنێتی فاست لینك بەکار دێنن پرسیار دەکەن هۆی چییە کە ئینتەرنێتەکەمان هەر زۆر زوو باڵانسی تێدا نامێنێ؟ چونکە ئێمە ئەوەندە بەکاری ناهێنین.**

خوێنەری بەڕێز بۆ چارەسەری و زانینی بەڵانسەکەت پێویستە پرۆگرامی Traffic Monitor بـەکار بێنـی، دەتوانـی لـە گوگل پلەی یان ئاپ سـتوری دایبەزێنی.. پرۆگرامەکـە بە داتا پێت دەڵێـت چەنـدت ئینتەرنێـت بـەکار هێنـاوە، هەتا دەتوانی بۆی دابنێی ئەگەر گەیشـتە ئـەو ڕێژەیەی بۆت دیاری کردووە ئاگادارت بکاتەوە. جگە لە چاودێری کردن بەسـەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، دەتوانی زانیاری لە بارەی خێرایی ئینتەرنێتیش بزانی.. ئەوکات ئەگەر کۆمپانیا فێڵت لێبکات بۆت دەردەکەوێ. چونکە ئەو پرۆگرامە ڕێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەکەت پێ دەڵێت..



# چاودێر و دایەنی دیجیتالی



پرسیارێك كە ڕەنگە لەزەینی زۆربەتاندا بێ و بچێ، ئایا جیهانی تەكنەلۆژیای نوێ هەتاكوێ دەڕوا و هیچ شتێك ماوە هەنگاوی بۆ نەنابێ؟ هەموو شتێك بۆتە سمارت و دیجیتالی تەنانەت چی وای نەماوە مندالْ و دایك و باوكی دیجیتالیش بكەونە بازاڕەوە.. نموونەكەی ئامێری Vivobabyیە، كە بە لەلە یا دایەن و چاودێری مندالْ ناسراوە. چاودێرێكی وردی كۆرپەی ساوا دەكات، وەك پلەی گەرمی. لێدانی دڵ، جوڵە و شوێنی مندالْ، ڕێژەی خەو و نووستن و زۆر زانیاری دیكەش ئەم زانیارییانە لە ڕێگای ئاپێكەوە بۆ مۆبایلی بەخێوكەرانی مندالْ بەڕێ دەكات، ئەگەر كێشەیەك هەبێت زەنگی ئاگاداركردنەوە لێدەدات.




# پرۆگرامێكی بەهێز بۆ ڕێكخستنەوەی وێنەكان

ئەوانەی وێنەیەكی زۆریان لەسەر كۆمپیوتەرە، ڕەنگە نەزانن باشترین و بەهێزترین پرۆگرام بۆ ڕێكخستنەوەی وێنەكان و دروستكردنی ئەلبۆم و گۆڕینی فۆرماتی وێنەكان.. پرۆگرامی ACDsse proیە.. پرۆگرامەكە لە گشت فۆرماتەكانی وێنە پشتیوانی دەكات، ڤێرژن دوای ڤێرژن گۆڕانكاری و ئاسانكاری بەسەر پرۆگرامەكەدا هاتووە. دروستكردنی سلایدشۆی زۆر سەرنج ڕاكێش، گۆڕینی فۆرماتی وێنەكان، بەڕێكردنی وێنەكان بۆ هاوڕێیان لە ڕێگای ئیمێلەوە، هاوبەشكردنی وێنەكان بەشێكن لە تواناكانی ئەم پرۆگرامە..

جگە لەو وێنە، كردنەوەی فایلە دەنگی و ڕەنگییەكان و دەستكاری وێنەكانیش بەم پرۆگرامە ئەنجام دەدرێ. بەشێك لە تواناكان ئەمانەن:

- پشتیوانی كردن لە گشت فۆرماتەكان.
- پرێنت كردن بە باشترین كوالیتی.
- گۆڕینی سایزی وێنەكان.
- ڕێكخستنی ڕێژەیەكی یەكجار زۆر وێنە بە یەك كلیك.
- دروستكردنی ئەلبۆمی وێنە و چەندین تایبەتمەندی دیكە...




# سایتێک بۆ دروستکردنی وێنەی جوڵەدار

زۆر جار وێنەی جوڵەدار دەبینن، واتە فیلم یان گرتەی ڤیدیۆیی نین بەڵكو وێنەیە و جوڵەی هەیە، ئەو جۆرە وێنانە پێیان دەگوترێت gif..
لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەتەوە دەتوانی وێنەی جوڵەدار دروست بكەی، بەڵام گەر بتهەوێ بەبێ پرۆگرام دروستی بكەی ئەوە چەند ماڵپەڕێك بۆ ئەم مەبەستە داندراون، ماڵپەڕی

http://gifcreator.me/ یەكێكە لەم ماڵپەڕانە.. هەركە سایتەكەت كردەوە ئەو وێنانەی مەبەستن گۆڕانیان بەسەردابێت و ببنە جوڵەدار ئاپلۆد بكە، دەتوانی خێرایی جوڵەكەش دیاری بكەی لەگەڵ سایزی وێنەكە..